# مەرج و بەندەکانی (ڕێکلامی کورتەنامەی ڕاگەیاندنیی)

(1) تکایە ئەم بەند و مەرجانە بە وردی بخوێنەرەوە پێش ئەوەی بگەیتە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان و دەتوانیت کۆپییەکی ئەم مەرجانە چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاریان بهێنیت.

(2) زاراوە دەستەواژەییەکانی "بەکارهێنەر، بەکارهێنەران" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتوون ئاماژەن بۆ بەشداربوو/بەشداربووانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندییەکان – پشکداریی تایبەت.

(3) بەند و مەرجەکان و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ بەشداربووان دیاریدەکەن. ئەم مەرجانە و هەر مەرجێکی تری تایبەت بە خزمەتگوزاری و گرێبەستی نێوان ئاسیاسێڵ و بەشداربوو، سروشتی پەیوەندیی نێوانیان پێکدەهێنن.

(4) خزمەتگوزاری ڕێکلامی کورتەنامە لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵەوە یەکێکە لە گونجاوترین و سەرکەوتووترین ئامرازەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ، بەو پێیەی دەرفەت دەدات بە خاوەنکارەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی کاڵا ریکلامکراوەکانیان گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە بەژداربوانی کۆمپانیاکانی پەیوەندی لە هەمان کاتدا بە ئاگادارکردنەوەیان سەبارەت بە نوێترین ئۆفەر و پرۆمۆشنی تایبەت کە بڕیاری دیاریکردنی لەسەر دراوە لە هەموو عێراقدا.

(5) ئەو داواکارەی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کە لەم مەرج و بەندانەدا وەک "کڕیاری بازرگانی" ئاماژەی پێکراوە، دەبێت داواکارییەک ئیمزا بکات کە ڕێگە بە ئاسیاسێڵ بدات کورتەنامەی ڕەزامەندیان لەسەر ناوی ناسنامەی نێرەر و ژمارەی SMS لە کاتی پێدانی مافە داراییەکانی خۆی و بەرپرسیارێتی یاسایی تەواوی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ لەسەر ناوەڕۆکی دەقی کورتەنامەکە.

(6) ئاسیاسێڵ بژاردەی پێشکەشکردنی لیستی وەرگرەکان دەدات بە بەکارهێنەران؛ ئەوانەی کە کورتەنامەیان بۆ دەنێردرێت یان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە هەڵدەبژێردرێت و لە ژمارەی کورتەنامەی پێویستدا کە دەنێردرێت.

(7) لە ئەگەری داواکاری بۆ ناردنی کورتەنامەی ڕێکلامی هەڵبژێردراوی هەرەمەکی، بەکارهێنەر دەتوانێت پۆلێنکردنی ژمارە داواکراوەکان دیاری بکات، وەک ناوچەی جوگرافی (شار، پارێزگا، گروپی تەمەن، ڕەگەز...هتد).

(8) کڕیاری بازرگانی دەتوانێت پێداویستییەکانی بەروار و کات بۆ ناردنی کورتەنامەکە دابین بکات.

(9) ئاسیاسێڵ پابەندە بە پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی بەشداربووانی و لەگەڵ هیچ لایەنێکدا هاوبەش ناکرێت جا ژمارەکان لەلایەن بەشداربووەوە دابینکرابن یان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ ناردن.

(10) پاکێجی کورتەنامەی ڕێکلامی بە شێوەیەکی سەرەکی دوو بژاردەیە: ئەم پاکێج و بژاردانە تەنها بۆ کورتەنامەی سەر تۆڕە:

| بژاردەی-1 : یەک جار پارەدان | | | |
|---|---|---|---|
| ماوەی کارایی | نرخ (IQD) | بڕی زۆرترین کورتەنامە | بڕی کەمترین کورتەنامە |
| 12مانگ | 40 | 50,000 | 1,000 |
| | 35 | 500,000 | 50,001 |
| | 20 | 1,000,000 | 500,001 |
| | 15 | 3,000,000 | 1,000,001 |
| | 10 | 5,000,000 | 3,000,001 |

**بژاردەی (1):** پارەدان تەنها یەکجارە، کڕیاری بازرگانی دەبێت پاکێجێک هەڵبژێرێت بە پشتبەستن بە ژمارەی کورتەنامەکان کە پێویستە لە ماوەی 12 مانگدا بینێرێت. بڕی تەواوی پارەدان بە چەند هێندەکردنی ژمارەی کورتەنامەکان (پاکێج) بە نرخی هەرکورتەنامەیەک دیاری دەکرێت. پێش ناردنی نامەکە بڕی تەواوی پارەکە دەخرێتە سەر.

**بژاردەی (2):** گرێبەست بۆ 12 مانگە، کڕیاری بازرگانی دەبێت پاکێجێک هەڵبژێرێت بە پشتبەستن بە ژمارەی کورتەنامەکان کە پێویستە هەر مانگێک بۆ ماوەی 12 مانگ بینێرێت. پێویستە کڕیاری بازرگانی گرێبەست لەگەڵ ئاسیاسێڵ واژۆ بکات کە هەموو مانگێک پاکێجەکە دەکڕێت (ژمارەی کورتەنامەکان) تا کۆتایی 12 مانگ. بڕی تەواوی پارەدانەکە بە چەند هێندەکردنی پاکێجی مانگانە (ژمارەی کورتەنامەکان) بە نرخی هەر کورتەنامەیەک دیاری دەکرێت. بڕی پارەدانەکە هەر مانگێک پێش ناردنی نامەکە دەدرێت.

| بژاردەی-2 : گرێبەستی 12 مانگە | | | |
|---|---|---|---|
| کەمترین ماوەی گرێبەست | نرخ (IQD) | بڕی زۆرترین کورتەنامە | بڕی کەمترین کورتەنامە |
| 12مانگ | 40 | 10,000 | 1,000 |
| | 30 | 100,000 | 10,001 |
| | 15 | 500,000 | 100,001 |
| | 10 | 1,000,000 | 500,001 |
| | 9 | 3,000,000 | 1,000,001 |

(11) نرخی کورتەنامەکانی دەرەوەی تۆڕی ئاسیاسێڵ جێگیرە بەبێ گوێدان بە ژمارەی کورتەنامەکان، بۆ نموونە 40 دیناری عێراقی

(12) هەموو ئەو نرخانەی لە پاکێجەکان ئاماژەیان پێکراوە بە دیناری عێراقیە.

(13) لە خوارەوە لیستێکی نزیکەیی ژمارەی کورتەنامەکانە کە دەبێت بەپێی زمانەکە پارەیان لێ وەربگیرێت:

بۆ زمانی ئینگلیزی 160 پیت=1 کورتەنامە - لە 161 بۆ 306 = 2 کورتەنامە، و هتد

Internal Use

بۆ کوردی 70 پیت=1 کورتەنامە - لە 71 تا 134 = 2 کورتەنامە، و هتد

بۆ زمانی عەرەبی 70 پیت=1 کورتەنامە - لە 71 تا 134 = 2 کورتەنامە، و هتد

(14) بۆ ناردنی کورتەنامەی بازرگانی ڕێکلامی، داواکاری نامەکە دەبێت ناوەرۆکی سەرەتایی و تەواو وردەکاری بەشە ئامانجدارەکان لەگەڵ پلانەکەیان پێشکەش بکات لەوانە:

(أ) ئەو زمانەی کە دەیانەوێت بەکاری بهێنن لە کورتەنامەکان

(ب) لیستی وەرگران / MSISDNs

(ج) بەروار و کاتی تەواوی ناردنی کورتەنامەکان

(د) میکانیزمی ناردنی کورتەنامەی ڕێکلامیی.

(15) دەقی کورتەنامە بازرگانی و ڕێکلامییەکان پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و لەلایەن ئاسیاسێڵەوە پەسەند بکرێن. ئاسیاسێڵ مافی ئەوەی هەیە داواکاری کورتەنامەی بەشداربوو ڕەت بکاتەوە/دەستکاری بکات ئەگەر پێوەر و کۆنترۆڵەکانی ئاسیاسێڵ (پەیامەکانی سیاسی و ئایینی و هێرشبەرانە) پەیڕەو نەکات.

(16) بەکارهێنەرانی هێڵەکانی ئاسیاسێڵ مافی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی پەیامی ڕێکلامیان هەیە کە لە ئاسیاسێڵەوە دەنێردرێت، چونکە ئاسیاسێڵ خزمەتگوزارییەک پێشکەش بە بەشداربووانی دەکات کە ڕێگەیان پێدەدات وەرگرتنی نامەی ڕێکلام بە ناردنی 0 بۆ 4151 ڕابگرن و بە ناردنی 1 بۆ 4151 بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی.

(17) بۆ ناردنی کورتەنامەی بازرگانی ڕێکلامیی، فرۆشتنی کۆمپانیاکان دەبێت هەموو بەڵگەنامەکانی کڕیار لەوانەش نامەی دەسەڵاتی فەرمی واژۆی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر بێت لەگەڵ ناسنامەی شارستانی و وێنەی کەسی ڕێگەپێدراو.

(18) لە کورتەنامەی ڕێکلامیدا، ناوی/ناسنامەی نێرەر دەتوانێت یان ئەلفوبێی ژمارەیی (سنووردار بە 11 پیت)، ژمارەی کڕیار (13 پیت (کە بریتیە لە کۆدی جیهانی 964)، یان کۆدی کورت بێت.

(19) لە ئەگەری ناردنی کورتەنامەی ڕێکلامیدا بۆ تۆڕی دەرەوەی ئاسیاسێڵ، تەنها ڕێگە بە ژمارەی کڕیار دەدرێت دەربکەوێت.

(20) کڕیاری بازرگانی دەتوانێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ئەکاونتەوە لە بەشی فرۆشتنی کۆمپانیاکان لە ئاسیاسێڵ، چێککردن بکات لە کورتەنامە ڕێکلامیەکانی ماوەیی.

(21) هەر نامەیەکی کورت کە بە کەرکەوتوویی نەنێردرابێت یان لەلایەن وەرگرەکان ڕەتکرابێتەوە، قەرەبوو ناکرێتەوە کاتێک کڕیاری بازرگانی لیستی وەرگرەکان دەخرێتە بەردەستی.

(22) ڕاپۆرتی گەیاندن دەتوانرێت داببین بکرێت بۆ کڕیار لەسەر داواکاری خۆی. تەنها ڕێژەی ئەو کورتەنامانە پیشان دەدات کە بە سەرکەوتوویی نەنێردراوە و ڕەتکراونەتەوە.

(23) کاتی ناردنی کورتەنامە ڕیکلامیەکان هەموو ڕۆژێکە لە کاتژمێر 9:00 بەیانی تا 9:00 ئێوارە.

(24) کڕیاری بازرگانی دەبێت پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەکاونت لە بەشی فرۆشتنی کۆمپانیاکان لە ئاسیاسێڵ بکات، بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕێکلامی کورتەنامە.

(25) کڕیاری بازرگانی دەتوانێت لە هەر کاتێکدا خزمەتگوزارییەکە ڕابکرێت، بەڵام ئەو بڕە کورتەنامەیەی کە لە گرێبەستەکەدا رێککەوتوون کە ماوە ناتوانرێت وەربگیرێتەوە.

(26) کورتەنامەی ڕێکلامی تەنها بۆ ناوخۆی عێراق دەنێردرێت.

(27) ئەو کورتەنامانەی کە بەکارنەهێنراون و دەمێنێتەوە ناتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر. تەنها دەبێت یەک نێرەر هەبێت

(28) کەسی رێگەپێدراوی کۆمپانیا، رێکخراو، یان خاوەنکاری رێگەپێدراو دەتوانێت داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بە بەشی فرۆشتنی کۆمپانیاکانی ئاسیاسێڵ بکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم پاکێجە.

(29) بەکارهێنەران دەتوانن پرسیار لەبارەی ئەم خزمەتگوزاریەوە بکەن بە پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری بەشداربووانی کۆمپانیا بە ژمارە 323 (بێبەرامبەر).

(30) کوالیتی خزمەتگوزارییەکان هەندێک جار کەوتۆتە ژێر هۆکارگەلێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاسیاسێلەوەن. بە بە ڕەچاوکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکان، ئاسیاسێڵ ناتوانێت هەموو کات گەرەنتی ئەوە بکات کە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو کاتەکاندا بەردەست دەبن، یان بەبێ هیچ کەموکوورییەك دەبن کە لە ئەنجامی پچڕان یان وەستانی خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵبدات. ڕەنگە هەندێک جار ئاسیاسێڵ کاری چاککردنەوە بۆ تۆڕەکانی ئەنجام بدات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.

(31) بەکارهێنەر بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی زانیاری کەسی ورد و نوێ کە بە بەڵگەنامەی ڕەوا و ڕەسەن (ئەسڵی) پشتگیری کرابێت و وەکو ئەوەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان و فەرمان و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی تردا هاتووە کە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمیەکانەوە دەرچووە.

(32) بەکارهێنەر دەبێت ئاسیاسێڵ ئاگاداربکاتەوە لە گۆڕانی هەر کام لەو زانیارییە کەسییانەی پێشکەشیکردوون لە ماوەی (3) ڕۆژدا دوای ڕوودانی گۆڕانکارییەکە.

(33) ئاسیاسێڵ بە مافی خۆی دەزانێت گۆڕانکاری بکات لە خزمەتگوزاری، ئۆفەر یان هەر بڕگەیەکی ئەم بەند و مەرجانە، هەڵیانبوەشێنێتەوە یان دەستکاریان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنەر(ەکان). لە ئەگەری ئەوەی کە هەریەکێک لەم گۆڕانکاریانە لێکەوتەی نەرێنی بۆ بەکارهێنەر هەبێت، ئاسیاسێڵ پێش جێبەجێکردنیان بەکارهێنەر ئاگاداردەکاتەوە و بەکارهێنەر ئازادە بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە یان نا.

(34) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نابێت بەرامبەر بە بەشداربوو یان هەر یەکێک لە بەکارهێنەرانی لە هەر دەستدانێکی کار، داهات، قازانج، پاشەکەوتی پێشبینیکراو، لەدەستدانی هەر داتایەك، یان هەر زیانێکی ناڕاستەوخۆ یان دەرەنجامێک کە بەکارهێنەر یان بەکاربەرەکەی تووشی بووە.

(35) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەند و مەرجەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێڵ بکەن: http://www.asiacell.com/.

(36) بۆ لێکدانەوەی ئەم بەند و مەرجانە پشت بە ڤێرژنی عەرەبی دەبەسترێت، و هەروەها بۆ کاروبارە یاساییەکان و کاروبارە هاوشێوەکانی تر، و لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ڤێرژنەکانی تری ئەم بەند و مەرجانە، ئەوە ڤێرژنە عەرەبیەکە کە پشتی پێ دەبەسترێت.

(37) بەکارهێنەر پابەندە بە پێدانی هەموو ئەو بڕە باجانە یان هاوشێوەکانی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر بەکارهێنەردا دەسەپێندرێت لە هەر کاتێکدا لە ماوەی کارایی گرێبەستەکەدا یان ماوەکانی نوێکردنەوەدا، و دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە بدرێت وە بە هەر شێوەیەك کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت.

(38) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نییە لە هەر هەڵەیەک یان نەکردنێک، یان ئەو ئەنجامانەی کە لە بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە بەدەستهاتوون. هەموو ئەو زانیارییەکانی ئەم بەند و مەرجانە "وەک خۆی" پێشکەش کراون، بەبێ هیچ گەرەنتییەک بۆ تەواوبوون، وردبینی، لە کاتی خۆیدا یان ئەنجامە بەدەست هێنراوەکان.